# ڕوانگەی هزرمەندانی لیبرال-پارێزگار بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی
# هزری (ئیدمۆند بێرک، ئەلێکسی دی تۆکڤێل، مایکل ئەواکشۆت) بەنمونە
# توێژینەوەیەکی شیکاری ـ بەراوردکارییە

م.ی.جبار اسماعیل احمد*

كلیله وشەكان: کۆمەڵگەی مەدەنی، لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم، بێرک، دی تۆکڤێل، ئەواکشۆت
https://doi.org/10.31271/jopss.10056

## پوختە

کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵگری مانای جیاواز و فرەڕەهەندە و بەپێی گۆڕانی مێژوویی و دیدگا و فەلسەفە جیاوازەکان ئەویش ئەگۆڕێت، مانای سیاسی چەمکەکە بریتییە لە گەشەی سیاسیانەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان و پەیوەندییەکان، بۆچونی هزرمەندان لەهەمبەر ئەو مانایەی کۆمەڵگەی مەدەنی جیاوازە، هزری لیبرالی جەخت لەسەر ئازادی و تاکگەرایی دەکاتەوە لەگەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا لەپێناو خۆشگوزەرانی تاک، بەڵام ئەو دونیابینییەی هزری لیبرالی بەپێی جیاوازی ئاراستەکانی لیبرالیزم ئەگۆڕێت، بیرمەندانی هزری (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) بڕوایان بەگەشەی مەدەنیانەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەرەو خۆشگوزەرانی هەیە بەمەرجێک بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزرێن، هەروەها بیرمەندانی هزری (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) لە چییەتی و چۆنیەتی پاراستنی ئەو بەها و نۆرمانە جیاوازن، (ئیدمۆند بێرک) بڕوای بە کۆنزێرڤاتیزمی لە ئەریستۆکراتیەتی سروشتی هەیە، و (دی تۆکڤێل) تاکگەرایی وەک بنەمای لیبرالیزم و دیموکراسی بە هەوێنی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبینێت، و(مایکل ئەواکشۆت) بڕوای وایە تاکی ئازادی چالاک لەسەر بنەمای پابەندی ئاکاری و لەپێناو هەماهەنگی نێوان یاسا و ئاکار، و کورتکردنەوەی دەستێوەردانی یاسا، و چالاکییە ڕۆژانەییەکانی تاک، دەتوانێت ببێتە فاکتەری سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تیایدا لێبوردەیی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی دەستەبەر ببێت.

## ملخص

### منظور مفكري الليبرالية - المحافظة للمجتمع المدني
### فكر (إدموند بيرك) و (أليكسيس دي توكفيل) و (مايكل أوكشوت) كأنموذج
### دراسة تحليلية مقارنة

يحمل المجتمع المدني معاني مختلفة ومتعددة الأوجه ويتغير أيضًا وفقًا لفلسفات وتغيرات

* بەشی زانستە ڕامیارییەکان – کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان –زانکۆی سلێمانی jabar.esmael@univsul.edu.iq

تاريخية و روئية مختلفة ، والمعنى السياسي للمفهوم هو التطور السياسي للمجتمعات والمؤسسات والعلاقات. وتختلف الآراء تجاه معنى و مفهوم و مصطلح المجتمع المدني، إذ يؤكد العقل الليبرالي على الحرية والفردية في تطوير المجتمع المدني من أجل رفاهية الفرد. ولكن تتغير هذه النظة مع تغير النظرة العالمية للعقل الليبرالي وفقًا للاختلافات في اتجاه الليبراليه، يعتقد المفكرون الليبراليون المحافظون أن التنمية الاجتماعية للمجتمع لها فوائدها من أجل الحفاظ على القيم والمعايير والأعراف الاجتماعية ، أما المفكرون الليبراليون المحفظونيعتبرون أنفسهم أوصياء علي تلك القيم و الاعراف من حيث كيفيتها و ماهيتها و المحافظ عليها، إذ يؤمن (إدموند بيرك) بالحفاظ على الأرستقراطية الطبيعية ، ويرى (ألكسيس دو توكفيل) بأن الفردانية كأساس للديمقراطية هي روح نمو المجتمع المدني. ، ويعتقد (مايكل اواكشوط) أن الحرية الفردية تقوم على الالتزام بالأخلاق والتنسيق بين القانون والأخلاق ، واختصار تدخلات القانون في الأنشطة اليومية للفرد ، يمكن أن تصبح عاملاً رئيسياً في المجتمع المدني هو التسامح والتماسك الاجتماعي.

**Abstract:**

**The perspective of the conservative liberal thinkers about the civil society: The thought of (Edmund Burke, Alexis de Tocqueville and Michael Oakeshott) as a model - an analytical comparative study**

Civil society carries different and multifaceted meanings and also changes according to historical progress and different philosophical views, the political meaning of the concept is the political development of societies and institutions and relations. Opinions are varying on the meaning of different civil society; the liberal mind emphasizes freedom and individuality in the development of civil society for the sake of individual well-being. But as the worldview of the liberal mind changes according to the differences in the direction of liberalism, conservative liberal intellectual thinkers believe in civil development of communities towards welfare by the condition of preserving civil values and norms, Liberal thinkers, who are governors of how and how to preserve those values and norms, are also different. (Edmund Burke) believes in the preservation of the natural aristocracy, (Alexis de Tocqueville) sees individualism as the basis of democracy in the spirit of the growth of civil society, and (Michael Oakeshott) believes that active liberal individual on the basis of adherence to behavior for the sake of harmony between law and behavior, shortening of the law interference, and daily individual activities can be the main factors of civil society which forgiveness and social harmony have been guaranteed.

## پێشەکی

کۆمەڵگەی مەدەنی هەم بەمانا مۆدێرنەکەی کە گوزارشتە لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە و سەندیکاکان و چالاکی مەدەنی تاک و گروپەکان لە پێناو دەستەبەری ماف و ئازادییەکانیان، هەمیش بەمانای پێشوو کە هاو واتای کۆمەڵگەی سیاسی بووە و ئامانج لێی شرۆڤەکردنی دەسەڵات و ژیانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و پرسی یاسا و دادپەروەری و ئازادی و ژیانی پێکەوەیی بووە، ئەوا جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی زۆر بووە، بیرمەندانی سیاسی توێژینەوەگەلی زۆر و جیاوازییان لەهەمبەر کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجامداوە و چەندان ڕێباز و ڕەوتی جیاواز و بۆچونی جیاواز سەریان هەڵداوە، دیارترین و باوترین هزری سیاسی کە لەکۆنەوە کاریگەری زۆری لەسەر دەسەڵات و بەڕێوەبردن و شێوەی ژیان هەبووە و زیاتر لە بۆچونەکانی تر دەرکەوتووە بریتییە لە هزری لیبرالی، ئەگەرچی ئەم هزرە بەسەر چەندان ئاڕاستە و ڕەوت و قوتابخانەی جیاوازدا دابەشبووە و هەندێکجار ئاستی جیاوازییەکان وائەکات کە وەکو کۆمەڵە هزری جیاواز و ناکۆک دەربکەون نەوەک ئاڕاستەکانی یەک هزر، (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) ئەو هزرمەندانەی هزری لیبرالین کە سەرنجێکی وورديان لەهەمبەر کۆمەڵگەی مەدەنی خستتوەتەڕوو، لەم توێژینەوەیەدا هزری سێ بیرمەندی (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) بۆ چەمکەکە شرۆڤە دەکەین، (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) وێڕای هاوبەشی بۆچونیان لە زۆرینەی پرسەکاندا بەڵام هێشتاش دیدگای جیاواز و ڕوانگەی هەمەچەشنیان هەیە بۆ بەشێکی تری بابەتەکان، لەوبابەتانەش پرسی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە لەم توێژینەوەیەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

### کێشەی توێژینەوە:-

کێشەی بوون و مەودای کاریگەری و ڕەهەندە جۆرییەکانی و لێکەوتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەیوەندی و پەیوەستی بە کۆمەڵگای سیاسیەوە و هزری هزرمەندانی سیاسی (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) لە کاتە جیاواز و ناوچە جیاوازەکان، ناوەڕۆکی کێشەی توێژینەوەکەمان پێکدێنێت، هاوکات دەرخستنی بۆچونە جیاوازەکان لەهەمبەر دەسەڵات و کۆمەڵگا و بەڕێوەبردن و ژیانی مەدەنی و دادپەروەری و کۆمەڵگای یەکسان و فەزیلەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا و ڕەنگدانەوەی هزری سیاسی بیرمەندان (بێرک و دی توکفێل و ئەواکشۆت) لەشێوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا لایەنێکی تری پرسی توێژینەوەکەمان پێکدێنێت.

### گریمانەی توێژینەوە :-

گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان و بیرکردنەوەی سیاسی بیرمەندان کاریگەری گەورە و قوڵی بەسەر گۆڕان و بەرەوپێشچوونی شێوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگاوە هەبووە، لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئاستی کاریگەری و چۆنیەتی کارتێکردنی هزری هزرمەندانی (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) بۆ مەودای گەشەی کۆمەڵگا و گۆڕانی بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی تەندروست دەکەین، هاوکات گریمانەی بوونی جیاوازی دیدگا سیاسیەکانی بیرمەندانی (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیش دەکەین.

**بایەخی توێژینەوە -:**
ئەم توێژینەوەیە لە چەند لایەنیکەوە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بیانخەینە ڕوو:
١/ بەو پێیەی پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەستە بەژیانی گشتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوە ئەوا بابەتێکە گرنگی زۆری لە ژیانی تاک و کۆمەڵەکاندا هەیە، هەربۆیە گرنگی توێژینەوەکە پەیوەستە بە بابەتێکی گرنگی ژیانی مرۆیی.
٢/ ئەزموونی گەشەی کۆمەڵایەتی و کایەی سیاسی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی بۆ کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، کە دەکرێت وەک بنەمایەکی کارکردن سودیان لێ وەربگیرێت، هەم بە خۆلادان لەهەڵەکان و هەمیش بە زانینی بونیاد و هۆکارەکان، بەڵام لەوەها سود بینینێک دا پێویستە ڕەچاوی گۆڕانی کات و شوێن و سروشتی کۆمەڵگاکان بکرێت.
٣/ کەمی تویژینەوە بەزمانی کوردی لەو بوارەدا، بەتایبەت لەمەڕ هزری فەیلەسوفانی (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان)، کە کەمترین توێژنەوەیان لە ناو ئاکادیمیای کوردی دا لەبارەوە کراوە.

**میتۆدی توێژینەوە-:**
بەو پێیەی توێژینەوەکە پەیوەستە بە پرسێکەوە کە ڕەهەندێکی هزری هەیە و پەیوەستە بەهزری فەیلەسوفانەوە، ئەوا بۆ شرۆڤەکردنی هزری هزرمەندان پەنامان بردووەتە بەر میتۆدی شیکاری و میتۆدی هێرمۆنەتیک(ڕاڤەی دەق)، هەروەها سودمان لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە لە پێناو وەسفکردنی پرسی بەمەدەنی بوون و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگە جیاوازەکاندا، و بۆ بەراوردکردنی هزری هزرمەندانی (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم)(بێرک و دی توکڤێل و ئەواکشۆت) بەیەکتر، میتۆدی بەراوردکاریشمان بەکارهێناوە.

**پەیکەربەندی توێژینەو ە-:**
ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پیشەکی و دەرئەجام و دوو باس. باسی یەکەم بەشیوەیەکی گشتی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی خراوەتە بەرباس لە دوو تەوەردا، تەوەرەی یەکەم چەمک و پیناسەی کۆمەڵگەی مەدەنیمان شیکردووەتەوە، هەروەها هەڵوەستەشمان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسی دیموکراسی کردووە، تەوەرەی دووەم تەرخانە بۆ خستنەڕووی هزری لیبرالی لەهەمبەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، و فەزیلەتی مەدەنی بۆ لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکار.
باسی دووەم تەرخانە بۆ ڕوانگەی هزری سێ لە بیرمەندانی (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە سێ تەوەردا، تەوەرەی یەکەم تەرخانە بۆ دیدگای (ئیدمۆند بێرک) بۆ چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، تەوەرەی دووەم تەرخانە بۆ خستنەڕووی بۆچونی (ئەلێکسی دی تۆکڤێل) بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، لە تەوەرەی سێیەمیش لەسەر ڕوانگەی هزری (مایکل ئەواکشۆت) بۆ چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوەستەمانکردووە.
لەکۆتایی توێژینەوەکەش دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو.

## باسی یەکەم/ دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕایەڵی نێوان تاک و دەوڵەت، پرس و بەرژەوەندی کەسی و بابەت و بەرژەوەندییە گشتیەکان، ماف و ئازادییە تایبەتییەکان و دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت، فەزیلەتی مەدەنی و لێبوردەیی و فرەیی و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان جێگەی مشتومڕی بیرمەندان بووە، هەروەها لەبارەی کاریگەری و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە یاسا و دیموکراسیەت و لیبرالیزمەوە ڕای بیرمەند و نوسەران جیاواز و هەمە چەشنە، ئەم باسە هەڵوەستەیە لەسەر ڕەهەندە گشتییەکانی ئەو چەمکە و شرۆڤە کردنی لایەنە گرنگەکانی لە دوو تەوەرەدا. تەوەرەی یەکەم هەڵوەستەیە لەسەر چەمک و پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی، تەوەرەی دووەم دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕوانگەی لیبرالی لەپەیوەست بە فەزیلەتی مەدەنی بۆ لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکاردواوین.

### تەوەرەی یەکەم/ چەمک و پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەندێ سەردەمی جیاواز بەمانای جیاواز بەکار هاتوە، بۆنمونە لەسەرەتاکانی پرسیاری مرۆڤ بۆ کۆمەڵگەی ڕێکخراو، کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەبووە بۆ کۆمەڵگەی سیستماتیک و وەرگۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵییە مرۆییەکان لە پەیوەندی سروشتیەوە بۆ پەیوەندییەکانی سەردەمی یاسای مەدەنی، بۆیە هەندێک لەبیرمەندان پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن بە کۆمەڵگەی سیاسی یاسایی و ڕێکخراو، کە تیایدا بەرەوەندی و مافی گشتی پارێزراوبێت و هەموو تاکەکان بتوانن بەشداری لە کاروباری بەڕێوەبردنی گشتیدا بکەن، فەیلەسوف و بیرمەندی ئەمریکی (مایکل وولزر) تەئکید لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و فەزیلەتی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی سیاسی کە تاکەکان بتوانن هاوبەشێتی تێدابکەن لەپێناو بەرژەوەندی و خزمەتی گشتی[1]، بەڵام بەشێکی تری بیرمەندان بەتایبەت لەسەردەمی هاوچەرخدا کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیادەکەنەوە و وەکو ڕایەڵی نێوان کۆمەڵ و دامەزراوە سیاسییەکان گوزارشتی دەکەن، (د. عزمی بشارە) پێیوایە پانتاییەکی گشتی هەیە لەدەرەوەی بازاڕ و کۆمەڵگەی سیاسی و خێزان کە کۆمەڵگەی مەدەنی کاری لەسەر دەکات[2]، واتا بابەتێکی جیاوازە لە کۆمەڵگەی سیاسی و کار لەبوار و لەلایەنێکی تری پەیوەندییە مرۆییەکاندا دەکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە وەزیفەی نوێی کۆمەڵگەی مەدەنی دابڕاو بێت لە پرسی سیاسی و ژیانی سیاسی، بەڵکو پەیوەندییەکی قوڵی تەواوکاری و پێکداچوو لەنێوانیاندا هەیە، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی مانایەکی فراوانی لە ژیانی تاکدا هەیە و دەکرێت پێناسەی بکەین بە "تەواوی ئەو چالاکییە هۆشیارییانەی پەیوەندیدارن بە بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی لایەنە چالاکەکان کە دەکرێت ڕێکخراوە ناحکومی

---

(1) روبرت د.بوتنام، كيف تنجح الديمقراطية – تقاليد المجتمع المدني في إطاليا الحديثة، ت.إيناس عفت، الجمعية المصرية لنشر المعرفة و الثقافة العالمية، القاهرة، ٢٠٠٦، ص١٠٩.

(2) عزمى بشارة، تعزيز المجتمع المدني، فى كتاب:.مجموعه مؤلفين: تحرير:ممدوح سالم، المجتمع المدنى و دوره فى الاصلاح، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص٢٦٧.

و قازانج نەویستەکان ڕۆڵی کارای تێدا ببینن"[٣]، واتا تەنها کردە ناسیاسییەکان ناگرێتەوە بەڵکو چالاکیەکانی هۆشیاری سیاسی و ناسیاسی لەخۆدەگرێت.

سروشتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەیوەست بەمانای کردەی ناسیاسی بریتییە لەو دیدگا و ڕوانگانەی کە بەئاراستەی بەرگری لە دژی ناوەندێتی دەسەڵاتی دەوڵەت دروست دەبن، واتا لەسەر بنەمای مەهامێکی ئەخلاقی و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دروست دەبن بەبێ پاڵنەری بەرژەوەندی خودی و دەستکەوتی تایبەتی دوور لە ئامانجە گشتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی لەم لایەنەوە و لەناوەڕۆکی خۆی دا ئاماژەیە بەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی بە شێوەی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی حکومەت و وەکو ئامرازی ناوەندگیری نێوان خەڵک و حکومەت سەریان هەڵداوە[٤]، وێڕای زانینی ئەو چوارچێوە تیۆریانە دەربارەی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڵام هێشتا بەتەواوی ڕوون نییە و جۆرێک لە غموض و نادیاری لە ناوەڕۆک و دەلالەتەکانی دا هەیە و شایانی تەفسیرکردنی جیاوازو ماناپێدانی جیاوازە و نوسەران و بیرمەندان و باکگراوندە کەلتوری و زانستی و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان لە ڕوانگەی جیاواز و ئاراستەی جیاوازەوە لە پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئامانجەکانی و ئەرک و ماهیەتەکەی دەڕوانن[٥].

کۆمەڵگەی مەدەنی بە مانا هەنوکەییەکەی پەیوەستە بە گەشەی ژیان و جۆراوجۆری پێداویستییەکان و فرەیی بەرژەوەندییەکان و ئاڵۆزبوونی ژیان و بەرەو پێشچوون و زیادبوونی خواستەکانی مرۆڤ و هەماهەنگی و پشت بەیەکتر بەستنی هاوبەرامبەر(الاعتماد المتبادل) لەنێوان هاوڵاتیاندا و پێویستی بۆ یەکێتی و بەرەنگاری هاوئاهەنگ لەهەمبەر دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ دەستەبەری داواو داخوازییە هاوبەش و گشتییەکان، واتا بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە بە دەسەڵاتی دامەزراوەیی و یاسا سەروەری، بوونی هێزە کۆمەڵایەتییە تازەکان و بەڕێوەبردنیان و شێوازی دەستنیشانکردنیان و هەروەها مامەڵەکردنیان وەک ڕێکخراوە کرێکاریەکان و کۆمەڵە جوتیاری و هەرەوەزییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و پرسی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچەکان و ئەو کۆمەڵانەی تەرکیزیان لەسەر کۆمەڵگا لۆکاڵی و ناوچەییەکانە و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لە سەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکان و بزاوت و جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان، شێوەگشتیەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنن[٦].

هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەستە بە ژینگەیەکەوە کە تیایدا مامەڵەی تاکەکان بەجۆرێکە کە دەربڕی هاوتایی و هاوسەنگی تاکەکانە، لەهەمان کاتدا تاکەکان پارێزگاری لە پابەندییان بە

---

[٣] محمد احمد علی مفتی، مفهوم المجتمع المدنی و الدولة المدنیة- دراسة تحلیلیة نقدیة، مرکز البحوث و لدراسات مجلة البیان، الریاض، ١٤٣٥هـ ص١٣.

[٤] ستیفن دیلو، التفكیر السیاسي و النظریة السیاسیة و المجتمع المدني، ت.ربیع وهبة، منتدی مکتبة الاسکندریة، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٥١.

[٥] محمد أحمد علی مفتی، مصدر سابق ، ص١٣.

[٦] هوارد.ج.ویاردا، المجتمع المدنی- النموذج الامریکی و التنمیة في العالم الثالث، ت.لیلی زیدان، الجمعیة المصریة للنشر المعرفة و الثقافة العالمیة، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٨.

هەماهەنگی نێوانیان بۆ دەستەبەری فەزیلەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، و ئاماژەیە بەو ژینگەیەی کە تیایدا سیفاتی ڕێزگرتن پێوەری تێگەیشتنی گشتییە بۆ تەواوی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا، ژینگەی شیاوی کۆمەڵگەی یاسایی و مەدەنی لە ڕێگەی بەخشینی شکۆ و ڕێزی تەواو بەتاکەکان و دەستەبەری دڵنیایی مافەکانیان و ئازادیەکانی پەیوەست بە ڕادەربڕین و باوەڕ و موڵکایەتی تایبەتی بەیەکەوە پەیوەستی و هەستی هاوکاری دروست دەکات، ئەم جۆرە لە ژینگەی مەدەنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بوونی دیموکراسیەت و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی دیموکراتیکەوە هەیە، لە کۆمەڵگەی دیموکراسی دا دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پرد و ڕایەڵی بەیەکگەیەنەری نێوان ئامانجە فەردییە تایبەتیەکان و ئامانجە کۆمەڵییە هاوبەشەکانن، لە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەدا هەمیشە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە سەرجەم تاکەکان بەشداربن لە دیاریکردنی ئەو ڕێسا و پێوەرانەی کە حوکمی گشتی لەسەر دادەمەزرێت، لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی لەو جۆرەدا تاکەکان بەجۆرێک بەشداری لە پرسە گشتیەکان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتی دا دەکەن کە تەواو دابڕاوبن لە بەرژەوەندی و پێداویستی کەسی و تایبەتی، بەڵام لە جەوهەردا بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییە گشتییانە هاوکات مانای دەستەبەربوونی بەرژەوەندی و ئامانجە تایبەتییەکانیشە[٧]، چونکە تاکەکان بەشێکن لە کۆمەڵە گشتییەکە، بەواتایەکی تر تاکەکان خۆیان ئەندامی کۆمەڵگەن وەکو گشتێک، بۆیە بەرژەوەندی گشتی پێکهاتووە لە بەرژەوەندی ئەو تاکانەی پێکیان هێناوە.

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک لە سەرەوەدا خستمانەڕوو بەمانای جیاواز و هەندێکات فراوان بەکار هاتووە، بەڵام هەندێک بۆچونیش هەن چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی کورتدەکەنەوە لە تەنها ڕێکخراوە ناحکومیە چالاکەکان کە هەوڵی دەستەبەری بەرژەوەندی و پرەنسیپە هاوبەشەکانی ئەندامەکانیان دەدەن[٨]، ئەمەش مانا سنوردارەکەی بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەوەی ئێمە لەم توێژنەوەیەدا دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین مانا فراوانەکەی چەمکەکەیە، یاخود بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێن ڕەهەندی سیاسی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییە بەو جۆرەی بیرمەندانی (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) گوزارشتی دەکەن، بەتایبەت لەپەیوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پرسی دیموکراسییەوە، واتا مەبەست لە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵگەی ئامانجەکان کە بیناکراون لەسەر بنەمای دیموکراسی، و دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕایەڵی نێوان دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، و فرەیی و پێکەوە گونجانی جیاوزییەکان و دانان بە مافی ئەوانی تردا و ئاشتی و دامەزراوەیی بوونی سیاسی[٩]، کە ڕەنگدانەوەی ژیانێکی سیاسی مەدەنیانەی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، نەوەک ئەو مانایەی چەمکەکە کە کورتدەکرێتەوە لە ڕێکخستنی کۆمەڵی و توێژبەندی لەدەرەوەی

(٧) ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ص٥١، ٥٣.

(٨) سعدالدين ابراهيم، تأملات فى مسأله الأقليات، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية و دار سعاد الصباح، القاهرة و الكويت، ١٩٩١، ص٢٤٢.

(٩) أحمد شكرى صبيحى، مستقبل المجتمع المدنى فى الوطن العربى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨، ص٣١.

یـان دوور لەدەسـەڵاتی سیاسـی دەوڵەت و حکـومەت، بەڵکـو کـۆمەڵگەی مەدەنی وەک هەڵگـری تایبەتمەنـدی بونیـادی و دامەزراوەیـی و ڕێکخراوبـوونی ژیـانی ڕەمـزی و کـۆمەڵایەتی و سیاسـی کە ڕاستەوخۆ گرێدراوی دەسەڵاتی دەوڵەت نین[١٠]، واتا بنەمای بوونی یەکەمجار بۆ هزری هزرمەندان و پاشان بۆ ناواخنی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بەواتایەکی تر کـۆمەڵگەی مەدەنی ڕایەڵـی هاوبەشـی ژیـانی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتییە، وەک ئەو پێناسەیەی (ئەنتۆنیۆ گرامشـی) بـۆ چەمـکەکەی کـردووە کە پێیـوایە بـریتییە "لە پەیوەنـدی ڕێکخـراوی نێـوان تاکەکـان لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی"[١١]، ئەمەش جۆرێـک لە سـەربەخۆبوونی چەمـکەکە و هاوکـات هەمـاهەنگییەتی هەم لەهەمبەر مانای ئێستای کـۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕێکخـراوە ناحکومییەکـان گوزارشـت دەکرێـت، و هەمیش مانای دەسەڵاتی سیاسی پەتی.

لەژێـر ڕۆشـنایی ئەم دیـدگایانەی سـەرەوەدا دەکرێـت پێناسـەی کـۆمەڵگەی مەدەنی لەهەردوو ڕەهەندەکەیەوە بکەین، لەلایەکەوە پێناسەی بکەین بە کۆمەڵگەی سیاسی یاسـایی ڕێکخـراو لەپێنـاو پاراستنی ماف و بەرژەوەندی و ئازادییە گشتییەکان و بەشداری تاکەکان لە پرسە گشتییەکان لە پێناو بەرژەوەندی و خزمەتی گشتی، لەلایەکی ترەوە دەکرێت پێناسەی بکەین بە ڕایەڵی نێوان حکومەت و تاکەکان لەپێناو پارێزگاری لەمافەکـانی تاکەکـان و گـروپ و کـۆمەڵ و تـوێژە جیاوازەکـان لەهەمـبەر سـتەم و دەسـەڵاتی دەوڵەت، بەڵام ئەوەی ئـێمە لەم تـوێژینەوەیەدا هەڵوەسـتەی لەسـەر دەکەیـن بریتییە لە پێناسـەی یەکەمـمان بـۆ چەمـکەکە کە گوزارشـتە لە مانـای سیاسـی چەمکی کـۆمەڵگەی مەدەنی.

## تەوەرەی دووەم/ کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕوانگەی لیبرالی لەپەیوەست بە فەزیلەتی مەدەنی بۆ لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکار

ڕوانگەیەکی تری کـۆمەڵگەی مەدەنی مـامەڵەکردنە لەگەڵ کێشـەی پەیوەنـدی نێـوان فەزیـلەتی مەدەنی(الفضيلة المدنية)و ئازادییە تاکە کەسیەکان(الحرية الفردية)، بەگشتی ئەو هـزرەی تەبەنی ئەم ڕوانگەیەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات هزری لیبرالیزمە، هزری لیبرالیزم کە لەسەر بنەمای ئازادی تاک وەستاوە و کۆمەڵگەی مەدەنـیش بە سروشـتی دۆخ(بطبيعـة الحـال) سـازێنەری دەرفەتـی مەزنە بـۆ چالاکی مرۆڤ، بەو واتایەی لە کـۆمەڵگەی مەدەنی دا دەرگاکـانی بەردەم توانا و لێهـاتووی تاکەکـان کراوەتر دەبن و دەرفەتەکان زیاتر و شەفافتر دەبـن، ئەمەش دواجـار بە ئـازادی چـالاکی و کـارکردن گوزارشت دەکرێت[١٢]، ئەم ڕوانگەیەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن وەک پێوەرێک بـۆ

[١٠] يوسف ماهر يوسف الكترى، دور منظمات المجتمع المدنى في الحد من البطالة لدى خريجي الجامعات، رسالة ماجستير قدمت الى اكادمية الادارية و السياسية، غزة، سنة ٢٠١٧، ص١٤.

[١١] نقلا عن: كريمة عجلى، دور المجتمع المدنى العالمى فى الحكومة البيئة العالمية، رسالة ماجستير قدمت الى كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة العربى بن مهيدى ام البواقى، ٢٠١٥، ص٨.

[١٢] جون إهرنبرغ، المجتمع المدنى- التاريخ النقدى للفكرة، ت.على صالح و حسن ناظم، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨، ص٤٤١.

کۆمەڵگەی مەدەنی و مامەڵەی تاکەکان وەک بنەمای هاوسەنگ بۆ بە دەستهێنانی باشترین وێنا وەستاوە کە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگە بریتی دەبێت لە ڕێزگرتنی فرەیی و جیاوازییەکان، ئەم ئامانجەش بەدی نایەت ئەگەر لەسەر بنەمای دەستەبەری دەرفەتی یەکسان و لە چوارچێوەی کۆمەڵە جیاوازەکان و ڕێزگرتن لە فرەییەکان نەبێت، واتا ئەوکاتەی تاکەکان هەست بکەن ئازادن و بتوانن ئازادانە بچنە ناو کۆمەڵە جیاوازەکانەوە یاخود لێیان دەربچن، ئەمەش لە کۆمەڵگای دیموکرسی دا فەراهەم دەبێت[١٣]، بۆیە ڕوانگەی لیبرالیزم بەو جۆرەیە کە لیبرالیزم و دیموکراسی و ئازادی و کۆمەڵگەی مەدەنی هەموویان بەیەکەوە پرۆسەکە تەواو دەکەن و کەموکورتی لەهەر یەکێکیان بەمانای ناتەواوی کۆمەڵگەی مەدەنی و فەزیلەتی مەدەنی دەگەیەنێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی وێڕای تەواوکاری تەواو لەنێوانیان، هاوکات بۆ دەستەبەری هەردووکیان پێویستە کۆمەڵگا ئامادەیی تێکەڵاو بوون و بەیەکەوە پەیوەستی (الاختلاط و الاندماج) تێدا بێت، ئەمەش پێویستی بە دەستەبەری چەند بنەمایەک هەیە کە دیارترینیان لە ڕوانگەی (هیگل)ەوە بریتین لە: چوارچێوەی یاسایی، دەسەڵاتی گشتی، هاوکاری و دامەزراوەیی، دەسەڵاتی جێبەجێکاری بیرۆکراتی، ئەنجومەنی چینەکان یاخود ئەنجومەنی یاسادانان، ڕای گشتی[١٤]، و هەموو ئەم بنەمایانە کە هاوکات بنەمای سیستەمێکی دیموکرات و لیبرالن و دەستەبەری کۆمەڵگای مەدەنی و فەزیلەتی مەدەنین و دواجار وەکو لێکەوتەیەکی گرنگی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکار دەبیندرێن.

فەزیلەتی مەدەنی پەیوەستە بە پێوەری لێبوردەییەوە کە ئەمیش پەیوەستە بە ڕێککەوتنی تاکەکان لەسەر ئەو بنەمایەی دەڵێت (بۆ خۆت بژی، وازبهێنە لە ئەوانی تریش با بۆخۆیان بژین)، ئەمەش وەکو ڕێگای بەیەکەوە گونجانی جیاوازییەکان و مافی تاکەکان لە پابەندی ئەو باوەڕانەی کە هەڵیانگرتووە، لە لیبرالیزمی کلاسیک دا (جۆن لۆک) لەو بیرمەندە یەکەمینانەیە کە دەربارەی پرسی لێبوردەیی دواوە، جەختی لۆک لە پرسی لێبوردەیی زیاتر ڕەهەندێکی ئایینی هەبووە، بەو پێیەی لەوکاتەدا ناکۆکیە ئاینی و مەزهەبیەکان لە لوتکەدا بوون، داخوازی (لۆک) لە تاکەکان ئەوەیە کە دیدگا و هزر و باوەڕەکانیان بۆ خۆیان بێت و دەستێوەردان لە باوەڕو بۆچونی ئەوانی تردا نەکەن[١٥].

گرنگی و ماهیەتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پارێزگاری لە بۆچونە جیاوازەکان و لێبوردەیی دا دەردەکەوێت، لەم ڕوانگەوە (بانکی نێودەوڵەتی) پێیوایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵێک دامەزراوەی هۆشیاری ئازادن، کار بۆ بوار و بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەکانی تاکەکان دەکەن لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا، و پابەندن بە کۆمەڵێک پێوەر و بنەمای پەیوەست بە ڕێزگرتن و لێبوردەیی و بەڕێوەبردنی ئاشتیانەی فرەیی و جیاوازییەکان[١٦]، واتا پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

---

[١٣] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ٥٥.

[١٤] عزمي بشارة، المجتمع المدني- دراسة النقدية، ط٧، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٣، ص١٧٤.

[١٥] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص٥٧.

[١٦] جلال خشيب و آمال وشنان، الدولة و المجتمع المدني... حدود التأثير و تأثر، مركز إدراک للدراسات و الاستشارات،

ئامانجیان بەرژەوەندی تاکەکان بێت لەسەر بنەمای لێبوردەیی و ڕێزگرتنی جیاوازییەکانی نێوان بۆچون و باوەڕەکان.

کۆمەڵگەی مەدەنی بەو پێودانگەی پارێزگاری لە فرەیی و جیاوازییەکان دەکات و هاوئاهەنگە لەگەڵ دیموکراسیەت و ئازادیەکانی تاک دا ئەوا هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ پارێزگاری لە شوناسە جیاوازەکان، واتا بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەوە کە پێیانوایە کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگا بەرەو یەکشوناسی ئاڕاستە دەکات، ئەوا کۆمەڵگەی مەدەنی شوناسە جیاوازەکان و کەمینەکان لەهەمبەر ستەم و هێرشی شوناسە باڵاکان دەپارێزێت و بەرگریان لێدەکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە شوناسێکی گشتی لەنێوان سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکان بهێنێتە ئاراوە تاوەکو هەمووان بتوانن بەیەکەوە و لەڕێگەی شوناسێکی هاوبەش و هەماهەنگەوە بژین(١٧).

ڕێزگرتنی هاوبەرامبەر نەک تەنیا دڵنیایی تەواوی مافەکان بۆ سەرجەم تاکەکان دەستەبەر دەکات، بەڵکو گرەنتی بەهای یەکسانی ئەو مافانە دەکات، چونکە داخوازی ئەو کارلێکەی لەئەنجامی جیاوازییەکانەوە دێتە دی ئەوەیە کە پێویستە تاکەکان پابەندی پارێزگاریکردن بن بە ڕێزگرتن لە باوەڕی ئەوانی تر و ڕێز لەمافە بنەڕەتیەکانیان بگرن تاوەکو هەمان چاوەڕوانی لە ئەوان بکەن لەهەمبەر مافەکانی خۆیان، و ئەرکی حکومەتیشە دۆخێکی لەو جۆرە دەستەبەر بکات.

---

الجزائر، ٢٠١٦، ص٩.

(١٧) العياشي عنصر، ما هو المجتمع المدني؟ الجزائر انموذجا، موقع الجورنالس، ٢٠٠٠/٥/١٢، متاح على رابط الالكتروني الاتی https://journals.openedition.org/insaniyat/11257 ، تأريخ زيارة: ٢٠٢١/٣/٢٧.

## باسی دووەم/ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگەی هزرمەندە لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان (بێرک، دی تۆکڤێل، ئەواکشۆت)ەوە

زۆرێک لەو بیرمەندانەی دەربارەی ڕوانگەی کۆنزێرڤاتیزمەکان دەنوسن پێیانوایە کە خاڵی سەرەکی و گرنگی دەرکەوتەکان بریتییە لە شۆڕشی فەرەنسی و دژایەتی کردنەکانی (ئەدمۆند بێرک بۆ خۆپیشاندەران و بەشدارانی شۆڕش، و لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدە یەکەم بەکارهێنانی سیاسیانەی وشەی کۆنزێرڤاتیزم دەبینین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەندێشە و بیری کۆنزێرڤاتیزمی لە پێشودا نەبووبێت بەڵکو زۆرجار ناوی ئەفلاتۆن و ڕەواقیەکان وەک سەرەتاکانی هەڵگرانی باوەڕی کۆنزێرڤاتیزمی دەهێندرێن[(١٨)].

بۆچوون و دیدگای بیرمەندە کۆنزێرڤاتیزمەکان وەک یەک و چونیەک نییە، بەڵکو زۆرجیاواز و تەنانەت هەندێکجار ناکۆک و دژبەیەکیشن، ئەمەش بەهۆی جیاوازی سەردەمەکان و جیاوازی شوێنی لەدایکبوون و ژیانی بیرمەندەکان و تەنانەت جیاوازی ڕوانینیان بۆ ژیان و سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەسەڵاتیش، بەڵام هەموویان لەوەدا لەیەک دەچن کە باوەڕیان بە پاریزگاری لەبنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگاکانیان و بنیادەکانی شێوەی ژیان و پەیوەندیەکان هەیە، لەم باسەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدەین بۆچونی سێ بیرمەندی (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) لەهەمبەر چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بخەینەڕوو.

### تەوەرەی یەکەم/ ڕوانگەی (ئیدمۆند بێرک) * بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی

(بێرک) لەسەدەی هەژدەهەم و لەسەردەمانی شۆڕشی فەرەنسی دا دەژیا، بیرمەندێکی لیبراڵ-کۆنزێرڤاتیزم بوو، و بەشێک بوو لە لیبرالیزمی ڕەخنەیی و بەرگریکاری ماف و ئازادییەکانی تاک بوو، بەڵام ئەم بۆچوونانەی نەبووە هۆی ئەوەی کە بەرگری لە شۆڕشگێرانی فەرەنسا بکات بەڵکو دژایەتی شۆڕشگێڕان و بەرگری لە ڕژێمی پێشوو دەکرد[(١٩)]، (بێرک) لە کتێبێکی دا بەناوی(تێڕامانێک لەمەڕ شۆڕشی فەرەنسی) بۆچونی خۆی لەمەڕ دەسەڵات و سروشتی کۆمەڵگا و پرسی شۆڕش دەخاتە ڕوو،

---

(١٨) ئەندۆ ڤینسینت، ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسیەکان، و.عمر مولودی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، لا١١٥.

(*) فەیلەسوف و ئابوریناس و بیرمەندی سیاسی لیبرال - کۆنزێرڤاتیزمی ئێرلەندی، لە (١٧٢٩/١/١٢) لەدایکبووە و لە (١٧٩٧/٧/٩) کۆچی دوایی کردووە. لەبەناوبانگترین کارەکانی کتێبێکە دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی (١٧٩٠). بۆ زیاتر بڕوانە:
(Charles William Parkin, Edmund Burke-British philosopher and statesman , Britannica, visit day: (23\6\2021) to more see this link: [https://www.britannica.com/biography/Edmund-Burke-British-philosopher-and-statesman](https://www.britannica.com/biography/Edmund-Burke-British-philosopher-and-statesman) .)

(١٩) عزمی بشارة، عن المثقف و الثورة، مجلة تبين، العدد ٤، مركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، ربيع ٢٠١٣، ص ص ١٢٧ – ١٤٢.

هەرچەندە پێیوایە کە شۆڕش کۆمەڵێک بنەمای باڵای هەیە[٢٠]، و ماهیەتەکەی پێدەبەخشێت، بەڵام بڕوای وانییە شۆڕشی فەرەنسی ئەو بنەمایانەی لەخۆیدا هەڵگرتبێت. سەبارەت بە کۆمەڵگاش پێیوایە کە کۆمەڵگا بەرهەمی گەشەکردنی ئۆرگانیک و کۆبونەوەی عەقڵی ئەوانەیە کە ژیانی خۆیان بە فێربوون لە ڕێگای ئەزمون و هەڵەوە ڕێکخستووە نەک بەشداریکردن لە کۆڕە فەلسەفیەکان، و پێیوایە کە سیستەمە سیاسیەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ وەک خۆراک، پەناگە و فێرکردن بەدیهاتوون نەک سەقامگیرکردنی مافە گشتیەکان[٢١].

لەوکاتەدا کە ڕەخنەی لە شۆڕشی فەرەنسی دەگرت بەڵام پشتگیری شۆڕشی ئەمریکی دەکرد، هۆکاری دژایەتی شۆڕشی فەرەنسی لەبەر ئەوەبوو کە باوەڕی وانەبوو شۆڕش ببێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، چونکە کۆمەڵگا ناتوانێت گەشەی وا فراوان و خێرا  بە ئاسانی و بەبێ توشهاتن بە کێشە و ئاڵۆزی قوڵ و ترسناک قبوڵبکات، هەروەها پێیوابوو گەشەی سروشتیی کۆمەڵگاکان تاکە ڕێگای گەشەکردن و بەرەوپێشچونی کۆمەڵایەتییە کە بەلای کۆمەڵگاوە قبوڵبکرێت، چونکە گەشەی سروشتی تاکە ڕێگایە کە کۆمەڵگا بەرەوکامڵ بوون دەبات، و تاکە چین کە توانیویەتی ئەم شێوازی گەشەکردنەی کۆمەڵگا بدۆزێتەوە و درکی بکات و سودی لیوەربگرێت بۆ گەشەپێدان بریتیە لە چینی ئەرستۆکراتەکان[٢٢]، هەربۆیە پێیوابوو دژایەتی شۆڕشگێڕان بۆ ئەریستۆکراتەکان و داواکردنی ئازادی دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی دیکتاتۆرێکی خراپتر لە ڕژێمی پێشوو سەر هەڵبدات، ئەم بۆچونەشی پەیوەندی بە دیدگای ئەووەوە هەیە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگا، ئەو دژایەتی ئەو دیدگا عەقڵانیە دەکات کە پێیانوایە تاک دەتوانێت لە بنەماکانی سیستەمی سیاسی عادل تێبگات و دەستنیشانی بکات، چونکە (بێرک) پێیوایە کە تاک بوونەوەرێکی کەم توانایە و ناتوانێت بەو کارە هەڵبستێت بەڵکو توشی لادان دەبێت و لەجیاتی ئەوەی بە عەقڵ بیربکاتەوە ئەوا دەبێتە کۆیلەی حەزەکانی و بەدوای خواستە خۆپەرستیەکانی خۆیدا دەچێت[٢٣].

بەڵام پشتیوانی لە شۆڕشی ئەمریکی لەووەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەسەر بنەمای بەژەوەندی و سودی گشتییە و عەقڵی گشتی ڕۆڵی تیا ئەبینێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە سیاسەتی بەریتانی دژی بازرگانی ئەمریکی بوو، و (بێرک) پێوابوو کە بازرگانی ئەمریکی پەیوەستە بە بازاڕی ئازادەوە و پابەندی شێوازی سروشتی ئابوری سیستەمەکەیە، و سیستەمەکەش خاوەن وەها قەیدو بەندگەلێکە کە هاوشێوەی حکومەتەکان لە پێناو ژیانی خەڵک دەستێوەردان دەکات، هەروەها بەشدارە لە دەستەبەری ئارام و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەویش لە ڕێگای دەستەبەری دڵنیایی لە مافی خەوندارێتی

[20] Edmund Burke, Reflections on The Revolution in France, without printer, London, 1790, p8.

[٢١] کەمال پولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و. ئازاد وەڵەد بەگی و سیروان جەبار زەندی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، لا ٢٤١.

[٢٢] يوسف حجاز، الفكر الاجتماعي في العصر الحديث - الحلقة الثانية عشر - مدرسة فلسفة الفكر السياسي ، موقع الشباب المصر ،٢٠١١/٤/٢٥، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2JjUKU5 ، تأريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/٢٧

[٢٣] کەمال پولادی، سەرچاوە پێشوو، لا ٢٤١.

و موڵکداری[٢٤]، بەڵام هەندێ لە توێژەران پێیانوایە کە پشتیوانی (بێرک) لە شۆڕشی ئەمریکی و دژایەتی شۆڕشی فەرەنسی لەبەر ئەوە بووە کە یەکەمیان ئامانج لێی مانەوەی دەسەڵاتی ئەریستۆکرات و خاوەن کۆیلەکان بووە، واتا شۆڕشێک نەبووە کە ئامانج لێی گۆڕانی ڕیشەیی بێت لە بواری دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سامان[٢٥]، بەڵام دووەمیان لەسەر بنەمای هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی ئەریستۆکرات و سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵاتبوو، و گرنگترین داواکاریان نان و ئازادی بوو[٢٦].

بەگشتی (بێرک) پێیوایە کە ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنی پاراستنی مافەکانی تاکەکانە، و پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگای گەیشتنە بە ژیانێکی باشتر کە دەتوانێت پێداویستیە بنەڕەتیەکانی تاکەکان دەستەبەر بکات، و بە فەزڵی بوونی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی تاکەکان ئەوا مافی هەبوونی شتە هەمەجۆرەکانیان دەبێت، بۆنموونە مافی بوونی دادپەروەری پەیوەستە بەڕێگایەکەوە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەت دەستەبەر دەبێت، هەروەها بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی تر ئەوا مافی کارکردن و توانای دەستەبەری ژیانێکی شکۆمەندانە و مافی پەروەردە و خوێندنی منداڵەکان و مانەوەی میراتی باوکان و مافی خەڵک لە مومارەسەکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکەیان و پاراستنی باوەڕەکانیان دەستەبەر دەبێت[٢٧]، لەڕوانگەی (بێرک)ەوە لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا بەپێی توانا و کارامەیی کۆمەڵگا دەتوانێت زۆرترین سامان کۆبکاتەوە، ئەمەش پێچەوانەی دادپەروەری و یەکسانی نییە، بەڵکو هەرتاکێک بەیەکسانی و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سەروەت و پێداویستی خۆی دەستەبەر دەکات، ئەم ڕوانگەیەی (بێرک) جۆرێکە لە پشتگیری لە چینی (ئەریستۆکراتی سروشتی) لە کۆمەڵگادا[٢٨].

(بێرک) بە پێویستی دەزانێت کە تاکەکان قبوڵی دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ ئاست و ڕۆڵی جیاوازبکەن کە بووەتە هۆی ڕێکخستنێکی هیرارکی، ئەمەش بەهۆی توانای جیاوازی هەندێ کەس کەمەبەستی چینی ئەریستۆکراتەکانە کە وەکو پیاوی دەوڵەتی و پارێزەری بنەماکانی هەوڵبدەن پێش نقوم بوونی تاکەکان لە خواست و چێژەکانیان، ڕێگە لە وێرانبوونی کۆمەڵگە بگرن بە هەوڵدان بۆ دەستگرتن بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە[٢٩]، چونکە ئەم چینە فەزیلەتێکی باڵایان هەیە لە بەشداری لەبواری ژیانی گشتی لە میانەی بەشداری لەبواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، پێگە و سامانی ئەم

[٢٤] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ٣٤٠.

[٢٥] قصي الصافي، سي السيد وفلسفة اليمين المحافظ، سايت شفق، ٢٠١٨/١٠/٢٥، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2AwdNaV .

[٢٦] رفيق عبد السلام، الدولة اللائكية الفرنسية والاستبداد الحديث، سايت الجزيره، ٢٠١٨/١٠/٢٧، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2D9Bita .

[٢٧] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ٣٤١.

[٢٨] المصدر نفسه، نفس الصفحة.

[29] Edmund Burke, opcit, p202.

چینە لەکۆنەوە هاتووە نەوەک لەڕێگەی پیشەسازی یان بەدەستبەسەراگرتنی زۆردارانە[٣٠]، ئەمەش هاواتای بۆچونەکەیەتی لەمەڕ گەشەی هێواش و قۆناغبەندی، چونکە چینی ئەریستۆکراتی سروشتی ئەو چینەیە کە دەتوانێت ئەوجۆرە لەگەشە و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتی دەستەبەربکات بەتایبەت لە ئەوروپا[٣١].

(بێرک) داوای پارێزگاری لە فەزیلەتی مەدەنی بۆ دەستەبەری ئاستێکی ناوەند دەکات، واتا پێویستە ژینگەیەکی سیاسی بیناکراو لەسەر بنەمای ڕەچاوی بەرژەوەندییە جیاوازەکان هەبێت کە دەستەبەری هاوسەنگی بکات لەنێوان تاکەکان، واتا نابێت هەموو دەسەڵات لە دەستی تاکە چینێکدا بێت، بەڵکو پێویستە سەرجەم چینەکان بەشداری دەسەڵات بکەن، ئەمەش بەوجۆرە دەبێت کە خەڵکی چارەسەری کێشەکان بکەن و بگەن بەئاستێکی ناوەند لەڕێگەی ڕا و ڕاوێژەوە[٣٢]، و پابەندبوون بە کۆمەڵێک پرەنسیپەوە کە بنەمای ئارامی کۆمەڵگەن، و (بێرک) پشتیوانی لە بوونی ڕایەک دەکات لەسەر بنەمای فرەیی بیناکرابێت[٣٣].

پارێزگاری لەم ئاراستەیە بنچینەی ڕێکخستنێکی باش (التنظيم الصالح) و بنەمایەکی باشی کۆمەڵگایە، وەک دەڵێت "بۆچونی من لەوە زیاتر نییە کە سیاسەت نابێت شتێکی تربێت لە نیەتباشی مادام کۆمەڵگا خواستی لەسەر ڕێکخستنیکی باش هەیە"[٣٤]، پشتیوانی (بێرک) لەم ئامانجە لەو ڕوانگەوەیە کە ئەم گەشە و پێشکەوتنە لەمیانەی ئینتما مەحەلیەکانی پەیوەست بەخێزان و دراوسێیەتی و باوەڕە هاوبەشە ئاینییەکانەوە دەبێت[٣٥]، و مانەوەی کۆمەڵگا بەم شێوە ڕێکخستن و پێکهاتەیەوە لەڕووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە دامەزراوە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە کە پابەندی سیستەمە ئارام و سەقامگیرەکەن کە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەفکار و حیکمەتی توێژە جیاوازەکانە[٣٦].

(بێرک) وای دەبینێت کە ناتوانرێت پێویستییە بنەڕەتیەکانی تاکەکان دابین بکرێت، مەگەر لە میانەی کۆمەڵگایەکدابێت کە پارێزەری مافی سەرجەم تاکەکان بێت، و پێشبینی ئەوەی دەکرد کە پارێزگاری لەو فەزیلەتە مەدەنیانە پەیوەستە بە دەستەبەری ئەو مافانەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە سەرجەمی خەڵک درکی ئەوەبکەن کە کۆمەڵگا وەستاوەتە سەر سیستەمێکی سروشتی کە لەسەر بنەمای بوونی توانای جیاواز، تاکەکان ڕۆڵی جیاوازیان هەیە، و هاوکاریکردنی پاراستنی ئەو سیستەمە

---

(٣٠) ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص٣٤٥.

(٣١) يوسف حجاز، مصدر سابق.

(٣٢) ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ص٣٤٧-٣٤٨.

(٣٣) نقلا عن: ديفيد باوتشر، إدموند بيرك و الليبراليه الحديثة، ت. بدر الدين مصطفى، مؤمنون بلاحدود للدراسات والابحاث، ٢٠١٨، ص١٣، للمزيد متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2Fe1vbD ، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٤/٢٤

(34) EDMUND BURKE, SELECT WORKS OF EDMUND BURKE, VOLUME 1, LIBERTYF UND INDIANAPOLIS, USA, 1999, p226.

(٣٥) ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص٣٤٨.

(٣٦) قصي الصافي، مصدر سابق.

له ڕۆڵی تاکەکان وائەکات هەرتاکێک پەیوەندی بە ئەوانی تروەوە لەسەر بنەمای متمانەبێت، وەک پەیوەندی هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی[٣٧].

لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە کە (بێرک) لەڕوانگەی بیرکردنەوە کۆنزێرڤاتیزمەکەیەوە لەهەمبەر پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی، دژی گەشەی خێرا و ڕادیکاڵانەی کۆمەڵگەیە، و وەکو مەترسی و هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە دەیبینێت، و لەجێگەی ئەوە پێیوایە دەبێت کۆمەڵگە بەرێگەی گۆڕانی سروشتی و گەشەی هێواش و سروشتییەوە پێشبکەوێت، و هەرجۆرە وەرچەرخانێک دەبێت تەواو پەیوەستی بەها باوەکانی کۆمەڵگە بێت و ڕێزیان لێبگرێت، هەروەها تاکە لایەن کە بتوانێت کۆمەڵگە بخاتە سەر ڕێچکەی گەشەی سروشتی، و بەهاکانیش بپارێزێت، بریتییە لە چینی ئەریستۆکراتیەتی سروشتی، کە بەهۆی ئەزموونی دوور و درێژییەوە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەم ئەرکە بەباشترین شێوە بەجێبگەیەنێت و خزمەتی تاکەکان و کۆمەڵگە بکات.

## تەوەرەی دووەم/ ڕوانگەی (ئەلێکس دی تۆکڤێل)* بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی

بەپێچەوانەی (بێرک)ەوە کە سیستەمی ئەریستۆکراتی بە سیستەمێکی شیاو و سروشتی ئەزانی و پێیوابوو کە هێزی باڵای ناو کۆمەڵگان و دەتوانن کاروبارەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەببەن، (دی تۆکڤێل) پێی وابوو کۆمەڵگای ئەمریکی سیستەمی ئەریستۆکراتی تێدەپەڕێنێت و لەجێگەی ئەو سیستەمی فەردانیەت و یەکسانی دادەمەزرێنێت[٣٨]، هەر ئەم باوەڕەشی وایلێکرد ئەوە ڕەتبکاتەوە ناونیشانی خێزانەکەی(کونت) هەڵبگرێتەوە کە خانەوادەیەکی ئەریستۆکراتی بوو، و خۆی تەرخانکردبوو بۆ ئامانجەکەی کە بریتی بوو لە دیموکراسیەت، و باوەڕی بە بوونی جیهانێکی نوێ هەبوو کە لەسەر بنەمای دیموکراسیەت بینادەکرێت[٣٩]، ڕەخنەی (دی تۆکڤێل) لە سیستەمی ئەریستۆکراتی وەکخۆی دەڵێت چونکە لەو سیستەمەدا هەمیشە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بێ دەسەڵاتن و بەهیچ شێوەیەک ڕا و ماف و بەرژەوەندییان ڕەچاوناکرێت، و ژمارەیەکی کەمی خەڵک دەوڵەمەند و خاوەنی هێز و نفوزن و پێویستیان بەوە نییە کە پیاوی کاربن، بەڵکو هێز و سەروەت و مانەوەیان پەیوەستە بە

---

[٣٧] ستیفن دیلو، مصدر سابق، ص٣٤٩.

(*) مێژوونوس و بیرمەندی سیاسی لیبرال - کۆنزێرڤاتیزمی فەرەنسی، لە (١٨٠٥/٧/٢٩) لەدایکبووە و لە (١٨٥٩/٤/١٦) کۆچی دوایی کردووە. لەبەناوبانگترین کارەکانی کتێبێکە دیموکراسی لە ئەمریکا، لەدوو بەرگ دا و لە ساڵانی (١٨٣٥)و (١٨٤٠). بۆ زیاتر بڕوانە:
(History.com Editors, Alexis de Tocqueville, History.com, 7\6\2019, visit day: (23\6\2021) to more see this link https://www.history.com/topics/france/alexis-de-tocqueville .)

[٣٨] ستیفن دیلو، مصدر سابق، ص ٣٥٠.

[٣٩] هارفی سی مانسفیلد، توکفیل- مقدمة قصیرة جداً، ت.مصطفی محمد فؤاد، مؤسسة هنداوی للتعلیم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٦، ص١٦.

بوونی پەیوەندی بەهێزی نێوانیان[٤٠]، واتا ئەریستۆکراتەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندی و هـیلاکەتی تاکەکانی تر هێز و سامان کـۆدەکەنەوە، لەبەرامـبەر چینـی ئەریسـتۆکراتەکان (دی تۆکڤێـل) پێیـوایە بەشداری کۆمەڵە بچوکەکانی کە لەبواری پیشەسازی و بازرگانی خەڵکی فێردەکەن و هـانی بەشـداریان دەدەن، و هەرچەندە لەوانەیە ئەو کۆمەڵە ناوچەیی و بچوکانە بۆ مەبەستی سیاسی بەکار بهێندرێن، بەڵام فرەیی و فێرکردنی خەڵک لەهەمبەر هۆشیاریان وائەکـات مەودای ئازادییەکـان فراوانتربێـت، ئەمەش دواجار بەهۆی ئەوەی زۆرینەی زۆری تاکەکان بەشداری لەو کۆمەڵانەدا دەکەن بۆیە ئەبێـتە هۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵک لەجیاتی کەمینەی ئەریستۆکراتی بەشداری لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنـدا بکەن[٤١].

(دی تۆکڤێل) زیاتر سەرنجی لەسەر پرسی دیموکراسیە، نوسراوە بەناوبانگەکەشی(دیموکراسی لە ئەمریکـا) بۆچونەکـانی لەمەڕ دیموکراسـی دەردەخـات، ڕایـوایە کۆمەڵگـای ئەمریکـی شۆڕشـێکی دیموکراسـی تێپەڕانـدووە و جیـاواز لە فەرنسـا کە دۆخـی سـتەمگەری بەخـۆیەوە دەبینێـت، و لەبەرئەوەی ئەمریکا سیستەمی کۆنی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش وائەکات کە ململانێی توندو تیژانە لەنێوان سیستەمی کۆن و چینی مامناوەند ڕوونەدات، هەروەها لەبەرئەوەی ئەمریکا تـاڕادەیەک لە چینە مامناوەندە وەرزێرەکان پێکهاتووە ئەوە بووەتە هۆی یەکسانی دەرفەت و هەل بـۆ تاکەکـان[٤٢]، و بۆچونیشی وایە نمونەی دیموکراسی ئەمریکی لەسەر بنەمای ئـازادی و یەکسـانی و ئـابوری ئـازادی لیبرالـی بینـاکراوە[٤٣]، ئەمەش بە بەهـاداری ڕەهەنـدی کـۆمەڵایەتی و پیکەوەژیـان و هاوکـاری، و بە بەشداری خەڵک لە کاروباری گشتی دا دەستەبەر بـووە[٤٤]، چـونکە تاکەکـان لەڕێـگەی پێکەوەیـی و هەمـاهەنگی و هاوکـات ڕێزگرتنـی ئازادییەکـانی یەکـتر، دەتـوانن گەشـەی کـۆمەڵایەتی کـۆمەڵگە بەردەوامی پێبـدەن، هەروەهـا بـوونی یاسـایەک کە هەمـوان لەبەردەمیـدا یەکسـان بـن و هەژار و پارەدارەکان جیاوازیان نەبێت کە ئەمەش خواستی هەژارانە لە یاسـا[٤٥]، بەدڵنیـایی دەسـتەبەربوونی، دەبێتە هۆکارێکی گرنگی ئەو هەماهەنگییە، واتا ئامانجی (دی تۆکڤێل) لە پرسی سیاسەت و هزرینی سیاسـی بریتیبـوو لە لە فـۆرمێکی تـری پەیوەنـدی و مافەکـان بەجـۆرێکی گونجـاو[٤٦]، کە پـێکەوە پەیوەستی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات.

---

[٤٠] أليكس دو توكوفيل و الأخرون، الفرديه و المجتمع المدنى، تحرير ديفيد بوز، ت.صلاح عبدالحق، رياض الريس للكتب و النشر، الأردن، ٢٠٠٨، ص٥١.

[٤١] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ص ٣٥٢-٣٥٣.

[٤٢] رامين جەهانبەگلو، دەسەڵات و ئازادی، و.عەتا جەمالی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢٠.

[٤٣] جميل حمداوى، ميادين علم الاجتماع، مجلد الاول، بدون اسم مطبعة، المغرب، ٢٠١٥، ص٣٤.

[٤٤] ميسرة محمود الكفارنة، دور الجمعيات الاهليه فى بناء رأس المال الاجتماعى فى دولة فلسطين، رسالة ماجستر قدمت الى جامعةالاسلاميه- غزة/كلية التجارة/ قسم اقتصاديات التنمية، فلسطين، ٢٠١٥، ص١٧.

[45] some Authors, Alexis de Tocqueville's Memoir on Pauperism, translated by: Seymour Drescher, Gertrude Himmelfarb, London 1997, p31.

[46] J.P.Mayer, Alexis de Tocqueville - A Biograpchical Study in Political Science, The Academy Library, NEW YORK, 1960, p128.

لەڕوانگەی (دی تۆکڤێل)ەوە تاکگەرایی ئەو نەهجەی ژیانە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیموکراسی، و دیموکراسیش لەسەر بنەمای پابەندییە بە یەکسانی، و پێیوایە باشترین شت ئەوەیە واز لەتاکەکان بهێنین خۆیان بەو شێوە فرەیەی کە دابەشبون لەناو کۆمەڵە بچوکەکانی وەک خێزان و هاوڕێیەتی خۆیان گرنگی بەخۆیان بدەن بەبێ دەستێوەردان[٤٧]، و پێیوایە ئەوەش شتێکی سروشتییە کە بەشێکی تاکەکان حەز بە خۆشگوزەرانی زۆربکەن و بتوانن ئاستی خۆشگوزەرانیان لە زۆرینە زیاتر بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو زۆرینەیە بەجۆرێک لەجۆرەکان بە دۆخی خۆیان ڕازی بن و ئاستی بژێویان گونجاوبێت[٤٨]، بەجۆرێک ئەم جیاوازییە نەبێتە هۆی نارەزایی کۆمەڵگە و نائارامی بەدوای خۆیدا نەهێنێت.

(دی تۆکڤێل) پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی بنەمایەکی پێویستە بۆ دەستەبەر و مانەوەی بەهای فرەیی و هۆشیاری هەڵبژاردن، ئەمەش بۆئەوەی کەسەکان لەسەر بنەمای توانایان لەو کارەی پێیان دەسپێردرێت دەستنیشان بکرێن، و لەژێر چاودێرییدا بن، ئەمەش وائەکات کە کادیری بەتوانا ئامادەبکرێت بۆ کاری دیموکراسی لە ڕێگای پرۆسەیەکی دیموکراسیانەوە، لەم لایەنەوە کۆمەڵگەی مەدەنی بە هاندانی زۆرترین بەشداری خەڵک و ڕێکخراوە و دامەزراوە مەدەنیەکانیش بە هاوکاری حکومەت بەبێ ئەوەی ئامانجی تایبەتیان هەبێت و لە پێناو بەرژەوەندی و مافی گشتی، بەڕێگەی کاریگەری لەسەر حکومەت و گەشەپێدانی ئازادیەکان و دیموکراسیەت دەبنە هۆی پێشخستنی جیهانی نوێ[٤٩]، بەڵام ئازادی بەبێ باوەڕ و ئەخلاق ناتوانێت سودی بۆ کۆمەڵگە و تەنانەت بۆ تاکە ئازادەکەش هەبێت، وەک (دی تۆکڤێل) دەڵێت کە بەبێ ئەخلاق ئازادی ناتوانێت سود بگەیەنێت و بەبێ ئیمان ئەخلاقیش نامێنێت و لەناودەچێت[٥٠]، چونکە ئاین تاکەکان فێردەکات هەمیشە خۆگربن و زیادەڕەوی لە کۆکردنەوەی سامان و گەڕان بەدوای چێژدا نەکەن، بەڵکو زەبتی نەفسی خۆیان بکەن لەپێناو چێژێکی دوورمەودا دا کە ئاین دەستەبەری دەکات[٥١]، و پێیوایە کە هیچ کەسێک نکۆڵی لەوە ناکات کە ئازادی ڕەهای کۆمەڵایەتی لە کاروباری سیاسی دا دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆسەر ئازادیەکانی تر[٥٢]، هەرلەسەر ئەو بنەمایەش دوو هەڕەشەی مەترسیدار لەبەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنی دا دەبینێت، ئەوانیش: یەکەم ئەگەری زیادەڕەوی تاکەکانە لە مومارەسەی ئازادییە

---

[٤٧] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ص٣٥١-٣٥٢.

[٤٨] الكسيس دى توكفيل، الدمقراطية في امريكا، ت. امين مرسى قنديل، الجزآن الاول و الثانى، عالم الكتب، القاهرة، بدون سنة الطبع، ص٦٩٨.

[٤٩] خميسى ابتسام، دور المجتمع المدنى ق إرساء حقوق الانسان، رسالة ماجستر قدمت الى جامعة قاصدي مرباح-ورقلة/ كلية الحقوق و العلوم السياسية، ٢٠١٣، ص٢٢.

[٥٠] جوزيف إبستاين، ألكسى دو توكفيل- المرشد إلى الديمقراطية، ت.سمية ممدوح الشامى، كلمات عربية للترجمة و النشر، القاهرة، ٢٠١٠، ص٥٣.

[٥١] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص٣٥٥.

[52] Alexis de Tocqueville, Democracy in America, Translator – Henry Reeve, The Pennsylvania State University, Pennsylvania, 2002, p218.

سیاسیەکاندا کە مومکینە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نائارامی و پشێوی، دووەم مەترسیش بریتییە لەوەی کە لەوانەیە ئەمریکا وەفادار نەبێت لە پابەندبوون بە دەستەبەری یەکسانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان[٥٣]، واتا لەدوو لاوە هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە لەلایەکەوە لە خەڵکەوە کە زیادەڕەوی لەئازادییەکانیان ببێتە هەڕەشە بۆسەر ئازادی ئەوانی تر لەلایەکی ترەوە ناپابەندی دەسەڵاتی سیاسی کە یەکسانی نێوان هاوڵاتیان نەپارێزێت، هەروەها پرسی ڕەشپێستەکان کە خاوەنی هیچ شتێک نین تەنانەت خاوەنی جەستە و هۆش و توانای خۆشیان نین، ئەمەش وائەکات کە داوای (دی تۆکڤێل) بۆ یەکسانی هۆکاری هەوڵ و شۆڕشی ڕەشپێستەکان بێت بۆ داواکردنی مافەکانیان، هەروەها بەهۆی گۆڕانی ژیانی ئابوری و سەرهەڵدانی پیشەسازی وائەکات چینێکی تر لە شێوازی نوێی ئەریستۆکراتی سەرهەڵبدات، بۆئەمەش پێیوایە کەدەبێت ئەو چینە تازەی کە خاوەنی موڵکی زۆرن ئەوا بەپێی بنەماکانی حەقی موڵکداری ئەو مافەیان هەیە، بەڵام لەپێناو دەستەبەری یەکسانی پێویستە سامانەکەیان بخەنە خزمەت زیادکردنی کارگە و زیادبوونی ئەوکەسانەی لەوکارگانە داهاتی ژیانیان دەستەبەردەکەن، و زیادبوونی داهاتی ئەوانەی لەو کارگانە کاردەکەن بە زیادکردنی حەقدەستەکانیان[٥٤].

(دی تۆکڤێل) لەگەڵ ئازادی ڕەها و بێسنوردا نییە و باوەڕی وایە کە پێویستە ئازادی وێڕای سنوری ئەخلاق و باوەڕ، و لە چوارچێوەی یاساشدا بێت، (دی تۆکڤێل) ئازادی یاسایی و بەئامانجی سودی گشتی بە باشترین پێدراوی سروشتی بۆ مرۆڤ دەزانێت کە دەوڵەت دەبێت بیپارێزێت، و پێیوایە کە گەورەترین جیاوازی و ئیمتیاز کە سروشت بە مرۆڤی بەخشیوە بریتییە لە مافی ئازادی کارکردن و دەستەبەری بەرژەوەندییەکانی، و هەوڵەکانی وەک بەشێک لە هەوڵی مرۆڤایەتی، و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تر، و دەرنەچوون و خۆ بەسەرووتر نەبینین لە مافی کۆمەڵگا، هەموو ئەمانە وەک سروشتی مرۆڤن بۆ هەستکردن بە ماف و ئازادییە کەسیەکانی[٥٥].

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین (دی تۆکڤێل) کە دەکرێت بە فەیلەسوفی دیموکراسیش ناوزەدی بکەین، کۆمەڵگەی مەدەنی بە کۆمەڵگەی ئازادی تاک و دەستەبەری مافەکان و دیموکراسی دەبینێت. هەروەها دەتوانن لە بۆچوونەکانیەوە بگەین بەو ئەنجامەی کە ڕەخنەی لە سیستەمی ئەریستۆکراتی هەبووە و بڕوای بە ئازادی تاک و بەشداری تاکەکان هەبووە لە کاروباری گشتیدا، ئەویش بە بەشداریان لە کۆمەڵە و گروپە بچوکەکان و بارهێنانیان بۆ بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی گونجاو، و هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای ئەخلاق و پاراستنی بەهاکان بێت و کۆمەڵە ئایینیەکانیش هاوبەشێتیان تێیدا هەبێت.

---

(٥٣) ستیفن دیلو، مصدر سابق، ص٣٥٦.

(٥٤) المصدر نفسه ، ص ص ٣٥٦-٣٥٧.

(٥٥) المصدر نفسه، ص١٧٣.

### تەوەرەی سێیەم/ ڕوانگەی (مایکڵ ئەواکشۆت)* بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی

(ئەواکشۆت) فەیلەسوف و بیرمەندی سیاسی بەریتانیە، ڕەخنە لە عەقڵانیەت دەگرێت و پێیوایە کە عەقڵانیەت شوێنەواری وێرانکەری هەبووە لەسەر ئەخلاق و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ژیانی سیاسی دا عەقڵانیەت جەخت لەسەر دیسپلینی خێرا و ئایدیاڵ دەکات و ڕیفۆرمی نەرم بەلەبەرچاوگرتنی میراتی ڕابردوو بێئەرزش و کەم بەها دەبینێت، ئەمەش پێچەوانەی بۆچونی (ئەواکشۆت)ە کە پێیوایە پێویستە پارێزگاری لە بەهاکانی کۆمەڵگا بکەین و هەست بەو هەڕەشانە بکەین کە دێنە بەردەمان و ڕێگری لە گۆڕانی کتوپڕ و خێرا و ڕادیکاڵی بکەین[٥٦]، و پێیوایە کۆنزێرڤاتیزمبوون بریتیە لە ئەفزەلیەت دان بەو شتەی کە دیارە زیاتر لەوشتەی کە نادیارە، و ئەفزەلیەت دان بەو شتەی کە بەدەستهاتووە زیاتر لەو شتەی بەدەست نەهاتووە، و ئەوەی کە حەقیقەت ترە لەوەی کە نادیار و پەنهانە، و ئەوەی دڵنیایت لە بوونی لەوەی تەنیا ئەگەرە، و دیاریکراو زیاتر لە ڕەها، و نزیک زیاتر لە دوور[٥٧]، و بەبڕوای (ئەواکشۆت) دیارترین نمونەش بۆ عەقڵانیەتی سیاسی بریتیە لە شۆڕشی بەلشەفیک، و پێی وایە کە عەقڵانیەتی سیاسی کاریگەری قوڵی لەسەر سەردەمی ئێمە هەبووە، چونکە ئەم عەقڵانیەتە پێیوایە لەبەرئەوەی دامەزراوە نەریتییەکان پلانێکی عەقڵانی و هۆشیارانەیان لە پشت نیە ئەوا پێویستە لەناوبچن[٥٨].

(ئەواکشۆت) سەرنج دەداتە ئەوە کە بۆ تێگەیشتن لە شارستانیەتی ئەوروپی پێویستە لە تاک تێبگەین وەک بکەری ئازاد(free agent)، و مەبەست لە بکەری ئازاد لای (ئەواکشۆت) بریتییە لەو شەخسەی کە بە زیرەکی جیادەکرێتەوە، زیرەکی لە ناسین و تێگەیشتنی سروشتی ئەو دۆخەی کە تیایدا دەژیەت، و زیرەکی لە ناسین و تێگەیشتنی سروشتی ئەو ڕێسایانەی بۆ فەرمانڕەوایی کردنی و بۆ حوکمکردنی پەیڕەو دەکرێن، و کەسی نائازاد (الشخص الغير حر) ئەوکەسەیە کە مامەڵەکردنی بە عاتیفەیە و لەدەرەوەی کۆنتڕۆڵە، و ناتوانێت تێبگات لەو مامەڵانەی بۆ تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و چالاکیە شەخسیەکانی پێویستن[٥٩]. و پێیوایە خەڵکی ئازادن چونکە تاکە زیرەکەکان توانیویانە لە مامەڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگا تێبگەن هەروەها توانیویانە لە بەکارهێنانی ئەو مامەڵانە تێبگەن بۆ

---

(*) فەیلەسوف و تیۆرسێنی سیاسی لیبرال - کۆنزێرڤاتیزمی ئینگلیز، لە (١٩٠١/١٢/١١) لەدایکبووە و لە (١٩٩٠/١٢/١٩) کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر بڕوانە:
(Terry Nardin, Michael Oakeshott, Stanford Encyclopedia of Philosophy, 8\3\2016, visit day: (23\6\2021) to more see this link https://plato.stanford.edu/entries/oakeshott .)

(٥٦) بدون اسم الكاتب، صعود اليمين السعودي المحافظ، ٢٠١٨/١١/١، موقع مغازة على شبكه الترنيت متاح على رابط الالكترونى الاتى /http://www.sultan-alamer.com/articles/right-wing . تأريخ زيارة: ٢٠٢١\٤\٢٧.

(٥٧) ماجي حسن، كيف تعرّف "المحافظة السياسيّة" في ٣ دقائق؟، صوت altra، ٢٠١٨/١١/١، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2F5x3QS، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١\٤\٢٧.

(٥٨) حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، و.ناسر ابراهیم زادە، بەرگی دووەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، لا٣٣٦ – ٣٣٧.

(٥٩) ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ص ١٥٩-١٦٠.

بەشداری لە چالاکی تاکەکان لەپێناو گرنگی دان بە تاکەکان خۆیان[٦٠]، و دروستکردنی ڕایەڵێکی پێکەوە گرێدان لەنێوانیان کە ببێتە هۆی هەماهەنگی کۆمەڵایەتی وەک بنەمایەکی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەبێئەوەی ئەو پێکەوە پەیوەستییە ببێتە هۆی سەرکوتی بەشێک لەلایەن بەشەکەی ترەوە، ئەمەش بە پیادەکردنی کۆمەڵێک فاکتەر کە بریتین لە پەیوەندی جیاکراوە و بەش بەشکراو(منفصل)ی ئەو فاکتەرانە لەمیانەی تایبەتمەندی و مەرجە هەمەجۆرەکانەوە[٦١]، کە هەر لایەنێک وێڕای مانەوەی لەناو گشتەکەدا، بتوانێت شوناسی خۆی بپارێزێت.

(ئەواکشۆت) بەراوردی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی گشتگیر دەکات، هەردوو شێوازەکە لە ئەوروپای نوێ دا ئامادەن، و تەئکید دەکاتەوە لەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی نمونەی شێوازێکی نمونەیی (مثالیة) کۆمەڵگایە، و پێیوایە لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا چالاکیەکانی تاکەکان و خێزانەکان وەک کڕین و فرۆشتن و چالاکیەکانی تر لە ژێر ڕۆشنایی ڕێسا ئاکارییەکان( Rules of Conduct)دا بەڕێوە دەچن، پێویستە سەرجەم تاکەکان پابەندی ئەو ڕێسا ئاکاریانە بن تا دواجار هەمووان پەیوەست و پابەند دەبن[٦٢]، چونکە پەیوەندییە هاوبەشەکان لە چالاکییە کردەییەکانی نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر، بەرپرس و خزمەتکار، بەڕێوەبەر و فەرمانبەر، دەبنە بنەما و ڕەنگدانەوەی ئاکارێتی جۆرەکانی تریش لە خزمەتگوزارییەکان و پەیوەندییەکان[٦٣]، هەروەها هەر کەموکوڕییەکی ئاکاری ئەو پەیوەندییانە کاریگەری نەرێنی هەیە لە کۆمەڵگادا، و ئەو ڕێسا ئاکاریانەی تاک و کۆمەڵەکان پابەند دەکات ئەوا هەڵگری مانای کۆمەڵی مەدەنییە، چونکە پابەندبوون بەو ڕێسا ئەخلاقیانەوە ئامانجی تایبەتی لەپشت نییە، هەروەها پێیوایە ژیانی ئاکاری و ئەخلاقی تاکە یەک شێواز و فۆرمی نییە، بەڵکو لەجەوهەردا پلورال و فرە شێوەیە، لێرەوە دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی یەکێتی یاسا و ئەخلاقە، و بەدەر لەخۆی (کە هەڵگری ڕوئیای ئاکارێتییە)هیچ ئامانجێکی تری نییە، لە ڕوانگەی (ئەواکشۆت)ەوە ئامانجی حکومەتی یاسا لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا تەنیا دەستەبەری هەندێ پرەنسیپی وەک ماف و خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو پێویستە بوونی یاسا دۆخێک وەدیبهێنێت کە لە سایەی دا خەڵکی بتوانن بە ئازادانە بجولێن و پەیمان و مامەڵە لە نێوانیان دروست ببێت، واتا نابێت یاسا خۆی ئامانجەکانی کۆمەڵگا دیاری بکات و داوابکات کە هەمووان هەوڵ بۆ پێگەیشتن و دەستەبەربوونیان بدەن، بەڵکو یاسا تەنیا یارمەتی تاکەکان بدات تاوەکو خۆیان بەدوای ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیاندا بچن[٦٤]، دەکرێت ئەم بۆچونەی (ئەواکشۆت) وەک ڕەخنە لە هەمبەر دیدگا مارکسیەکان ببیندرێت کاتێک لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە گەیشتنی کۆمەڵگا بە قۆناغی سۆسیالیزم و دواتر کۆمۆنیزم وەک حەتمیەتی مێژوویی دەبیندریت.

[٦٠] المصدر نفسه، ص١٦٠.

[61] Kenneth Minogue, OAKESHOTT AND POLITICAL SCIENCE, Annu. Rev. Polit. Sci, without place, 2004, p243.

[٦٢] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص ٣٦٢.

[63] Michael Oakeshott, rationalism in politics, universitates I, London, 1962, p243.

[٦٤] حسێن بەشیریە، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤٣.

(ئەواکشۆت) وەسفی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بە هەوڵی گەشتن بە ئامانجەکان، و ڕێگای ئاسانکردن و هاوکاری کۆمەڵایەتی، و پێیوایە بوونی ئەو کۆمەڵانە دەبێت بە سودی بەرژەوەندی گشتی بێت، و دەبێت سود بە کەسانی نزیک و دەوروبەر، خێزانەکان و هاورێکان، کۆمەڵە ناوچەییەکانیش بگەیەنێت، و ببێتە هۆی گەشەکردنی ڕێگاکانی گەیشتن بە پێویستییەکان بۆسەرجەم کۆمەڵگا، واتا کۆمەڵەیەک لەگەڵ ئەوانی تر، نەوەک تەنیا ناوخۆی کۆمەڵەکە[٦٥]، ئەمەش لەڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە دەبێت، ، ئەمەش بە دانان بە گۆڕانی بەردەوامی بیرۆکەکان، وەکئەوەی دەڵێت ئەو ووشانەی ئێمە ڕۆژانە بەکاریاندەهێنین، ئەوا گوزارشت نین لە ئاماژە جێگیرەکان، بەڵکو دەگۆڕێن وەک وشەکانی شیعر کە هەڵگری مانای جیاوازن[٦٦]، هەروەها دەڵێت ئێمە و سەروەتە مرۆییەکەمان لەڕێگەی پرسیارکردن لە خۆمان و بوونی ناوەکیانەی خۆمانەوە نەهاتووە هەروەکچۆن لەڕێگەی پرسیار لە جیهانەوە نەهاتووە، و لەڕێگەی کەڵەکەبوونی پێکهاتەی مەعریفیەوە نەهاتووە، بەڵکو تەنیا و تەنیا بەڕێگەی دیالۆگەوە هاتووە، (ئەواکشۆت) درکی ئەوەی کردووە کە تەفکیر و هزرین پەیوەستە بە گفتوگۆی کۆمەڵایەتی کە لەناوەڕۆکی خۆی دا چوارچێوە لاوەکیەکانی لەگەڵ خۆی دا هەڵگرتووە[٦٧].

ئەگەر بپرسین جیاوازی (ئەواکشۆت) لەگەڵ بیرمەندە لیبرال کۆنزێرڤاتیزمەکانی تری وەک (ئیدمۆند بێرک و ئەلێکسی دی توکڤێل) چییە لەهەمبەر پرسی شوناس لەپەیوەست بە کۆمەڵگەی مەدەنی؟

لەڕوانگەی (بێرک و دی تۆکڤێل)ەوە بنەمای شوناس لەسەر بەها جەوهەرییەکانە، واتا دروستبوونی شوناس پەیوەستە بەو بەها جەوهەرییانەوە، ئەوبەهایانە شێواز و ڕێگەی ژیان دیاری دەکەن و پێویستە خەڵکی شێوازی ژیانیان لەگەڵ شێوازی ئەو بەهایانە بگونجێنن؛ (بێرک) پێیوایە کە دەبێت ژیان بەجۆرێک ئاراستە بکرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی سروشتی وەزیفەکان و پێگەکەیان لە کۆمەڵگادا؛ و شێوە پێدانی شوناس بەلای (دی تۆکڤێل)ەوە لەمیانەی یەکسانی و بوونی بەها باوەکانەوە دەبێت، بەتایبەت گرنگی هاوکاری تاکەکان بۆ دارشتنەوەی ئامانجە هاوبەشەکان لەگەڵ ئەوانی تردا[٦٨]؛ بەڵام بەلای (ئەواکشۆت)ەوە ئەو بەها بنەڕەتیانەی کە ڕێگا گشتیەکانی ژیان بۆ هەمووان دەستنیشان و سنورداردەکەن ئەوا مەترسین بۆسەر ئازادیە کەسیەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا، واتا نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان ناوەندێکی دۆگما و نەگۆڕنین، بەڵکو هیچ بەشێکی نەریت و بەهاکان بەدەرنین لە گۆڕان، و پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی یەکێتی و یەکگرتنی یاسا و ئەخلاقە، کۆمەڵگا، وەک کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵێک تاک پێکهاتووە لەژێر سایەی یاسا و

[٦٥] نايجل أشفورد ، المجتمع المدني؟، مصر المدنية، ٢٠١١/٧/١٨، متاح على رابط الالكترونى الاتى . http://www.civicegypt.org/?p=8110

[66] Michael Oakeshott, opcit, p246.

[٦٧] عاكف مشارقة، ثنائية الحوار والتحرّر في التربية، 2018/3/28، متاح على رابط الالكترونى الاتى . https://bit.ly/2zlkN92

[٦٨] ستيفن ديلو، مصدر سابق، ص٣٦٧.

بەشێوەیەکی ئەخلاقی بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکەن[٦٩].

(ئەواکشۆت) لەلایەکەوە هاوتای بۆچونی (بێرک)ە، بڕوای بە ڕیفۆرم و گەشەی هێواشی کۆمەڵگەیە، و گۆڕانی ڕادیکاڵ و خێرا وەکو مەترسی دەبینێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆڵی عەقڵانیەت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا ڕەتدەکاتەوە، هەروەها بڕوای بە ڕۆڵی کۆمەڵە و گروپەکانە لەپێناو دەستەبەری کۆمەڵگەی مەدەنی. لەلایەکی ترەوە هاوشێوەی (دی تۆکڤێل) جەخت لەسەر ئازادی تاک و تاکی ئازاد دەکاتەوە و وەکو بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەژماری دەکات، هاوکات هاوشێوەی (دی تۆکڤێل) سەرنجی لەسەر کاریگەری ئاکار و بنەما ئەخلاقییەکانە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و دەستەبەری هەماهەنگی تاک و گروپەکان.

هەروەها هەرسێک بیرمەند(بێرک، دی تۆکڤێل و ئەواکشۆت) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دەبێت پارێزگاری لە بەها باوەکانی کۆمەڵگە بکرێت و ئەو نۆرمانەی لەناو کۆمەڵگەدا ڕێزلێگیراون ببنە بنەمای گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

## کۆتایی و دەرئەنجام

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا دەبینین بریتییە لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوی هزری لیبرالی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەویش هزری هزرمەندە کۆنزێرڤاتیزمەکانە، لەبەر ڕۆشنایی گریمانەی توێژینەوە و بەگرتنەبەری ئامرازە میتۆدییەکان، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هزری (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی تەواو گرێدراو و ڕەنگدانەوەی کۆنزێرڤاتیزمییانەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانە، ئامانجی کۆمەڵگەی مەدەنی گەشەی ژیانە لەگەڵ کۆنزێرڤاتیزمی لە نەریت و بەها چەسپاوە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکرێت چینێکی کۆمەڵایەتی وەکو ئەریستۆکراتیەتی سروشتی یان تاکگەرایی و دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی ، یاخود بوونی تاکی ئازاد و چالاکی پابەند بە ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەوەی لەکۆتایی توێژینەوەکە پێیگەیشتین بریتییە لە جیاوازی بۆچونە هزرییەکانی ئەو بیرمەندانە لە پرسی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوتاییان لە کۆنزێرڤاتیزمی لە بەهاجێگیرەکان، بەڵام لە چییەتی ئەو بەها جێگیرانەش جیاوازن، هەروەها گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام کە دەکرێت گرنگترینیان بریتیین لە:

- چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی وێڕای مانا ئێستاییەکەی کە وەک ناوەند و پەیوەندگیری نێوان خەڵک و حکومەت، کۆمەڵ و دامەزراوە دەوڵەتییەکان گوزارشت دەکرێت، ئەوا مانای بوونی سیستماتیکی ژیانی سیاسیش لەخۆیدا هەڵدەگرێت.
- کۆمەڵگەی مەدەنی گرێدراوی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەیە، ئەم دۆخەش بەبێ بوونی دیموکراسیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەستەمە.

---

[٦٩] حسێن بەشیریە، سەرچاوەی پێشوو، لالا٣٤٣،٣٤١.

- سەرەتاکانی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوتای پرسەکانی لێبوردەیی و پێکەوە گونجان و هەڵکردن و قبوڵکردنی جیاوازییەکانە، بەبێ بوونی لێبوردەیی ناتوانین شیمانەی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین.
- کۆمەڵگەی مەدەنی لەهزری لیبرالیزمی کۆنزێرڤاتیزمیدا گوزارشتە لە گەشەی کۆمەڵگا بەبێ دەستبەردان لە ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، واتا وێڕای جیاوازی بۆچونی بیرمەندانی (لیبراڵە کۆنزێرڤاتیزمەکان) لەپرسی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەڵام لەو بۆچونە کۆنزێرڤاتیزمییەدا هاوتا و هاودیدگان.
- (ئیدمۆند بێرک) فەیلەسوفی (لیبراڵ کۆنزێرڤاتیزم) بڕوای وایە کۆمەڵگەی مەدەنی بنەمای بوونی فەزیلەتی کۆمەڵایەتییە کە پێویستە کۆنزێرڤاتیزمی لە ئەریستۆکراتیەتی سروشتی بکات لەپێناو دەستەبەری پێداویستییەکانی تاکەکان کە هۆکاری سەرەکی بوونی بەختەوەری تاکە.
- (ئەلێکسی دی تۆکڤێل) بەپێچەوانەی بێرک تەرکیزی لەسەر چینی ئەریستۆکرات نییە و پێیوایە بەشێکە لە جولەی مێژوو و تێدەپەڕێت، کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای تاکگەراییە نەوەک ئەریستۆکراتی، بۆیە دیموکراسیەت و تاکگەرایی دەبنە هەوێنی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- لای ئەواکشۆت کۆمەڵگەی مەدەنی بەرئەنجامی تاکەچالاک و ئازادەکانە کە لەسەر بنەمای ئاکاری کۆمەڵایەتی کار و چالاکی ئەنجام دەدەن و کۆمەڵگەی مەدەنیش دەبێتە یەکێتی نێوان یاسا و ئەخلاق، بەجۆرێک یاسا نەچێتە ناو ژیانی ووردی تاکەکانەوە و ئازادییەکانیان لە کۆت نەدات.

## لیستی سەرچاوەکان:


### کتێبی کوردی

- ئەندۆ ڤینسینت، ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسیەکان، و.عمر مولودی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
- حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، و.ناسر ابراهیم زادە، بەرگی دووەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.
- رامین جەهانبەگلو، دەسەڵات و ئازادی، و.عەتا جەمالی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
- کەمال پولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و. ئازاد وەڵەد بەگی و سیروان جەبار زەندی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.

### کتێبی عەرەبی

- أحمد شكرى صبيحى، مستقبل المجتمع المدني فى الوطن العربى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨.
- ألكيس دى توكفيل، الديمقراطية فى أمريكا، ت.أمين مرسى قنديل، الجزآن الأول و الثانى، عالم الكتب، القاهرة، بدون سنة.
- أليكس دو توكوفيل و الأخرون، الفردية و المجتمع المدني، تحرير ديفيد بوز، ت.صلاح عبدالحق، رياض الريس للكتب و النشر، الأردن، ٢٠٠٨.
- جلال خشيب و آمال وشنان، الدولة و المجتمع المدني... حدود التأثير و تأثر، مركز إدراك للدراسات و الاستشارات، الجزائر، ٢٠١٦.
- جميل حمداوى، ميادين علم الاجتماع، المجلد الاول، بدون اسم مطبعة، المغرب، ٢٠١٥.
- جوزيف إبستاين، ألكسى دو توكفيل- المرشد إلى الديمقراطية، ت.سمية ممدوح الشامى، كلمات عربية للترجمة و النشر، القاهرة، ٢٠١٠.
- جون إهرنبرغ، المجتمع المدنى- التاريخ النقدى للفكرة، ت.على صالح و حسن ناظم، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨.
- روبرت د.بوتنام، كيف تنجح الديمقراطية – تقاليد المجتمع المدني في إطاليا الحديثة، ت.إيناس عفت، الجمعية المصرية لنشر المعرفة و الثقافة العالمية، القاهرة، ٢٠٠٦.
- ستيفن ديلو، التفكير السياسي و النظرية السياسية و المجتمع المدني، ت.ربيع وهبة، منتدى مكتبة الاسكندرية، القاهرة، ٢٠٠٠.
- سعدالدين ابراهيم، تأملات فى مسأله الأقليات، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية و در سعاد

الصباح، القاهرة و الكويت، ١٩٩١.

- عزمى بشارة، المجتمع المدني- دراسة النقدية، ط٧، المركز العربى للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٣.
- محمد احمد على مفتى، مفهوم المجتمع المدني و الدولة المدنية-دراسة تحليلية نقدية، مركز البحوث و لدراسات مجلة البيان، الرياض، ١٤٣٥هـ.
- مجموعه مؤلفين: تحرير:ممدوح سالم، المجتمع المدني و دوره فى الاصلاح، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، الاسكندرية، ٢٠٠٤.
- هارفى سى مانسفيلد، توكفيل- مقدمة قصيرة جداً، ت.مصطفى محمد فؤاد، مؤسسة هنداوى للتعليم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٦.
- هوارد.ج.وياردا، المجتمع المدني- النموذج الامريكى و التنمية في العالم الثالث، ت.ليلى زيدان، الجمعية المصرية للنشر المعرفة و الثقافة العالمية، القاهرة، ٢٠٠٧.

### كتێبى ئینگلیزى

- Alexis de Tocqueville, Democracy in America, Translator – Henry Reeve, The Pennsylvania State University, Pennsylvania, 2002.
- Edmund Burke, Reflections on The Revolution in France, without printer, London, 1790.
- EDMUND BURKE, SELECT WORKS OF EDMUND BURKE, VOLUME 1, LIBERTYF UND INDIANAPOLIS, USA, 1999.
- J.P.Mayer, Alexis de Tocqueville - A Biograpchical Study in Political Science, The Academy Library, NEW YORK, 1960.
- Kenneth Minogue, OAKESHOTT AND POLITICAL SCIENCE, Annu. Rev. Polit. Sci, without place, 2004.
- Michael Oakeshott, rationalism in politics, universitates I Oslo, London, 1962.
- some Authors, Alexis de Tocqueville's Memoir on Pauperism, translated by: Seymour Drescher, Gertrude Himmelfarb, London 1997.

### توێژینەوەی ئاكادیمی

- خميسى ابتسام، دور المجتمع المدني ڧ إرساء حقوق الانسان، رسالة ماجستر،قدمت الى جامعة قاصدي مرباح- ورقلة/ كلية الحقوق و العلوم السياسية، ٢٠١٣.

- ميسرة محمود الكفارنة، دور الجمعيات الاهليه فى بناء رأس المال الاجتماعى فى دولة فلسطين، رسالة ماجستر،قدمت الى جامعةالاسلاميه- غزة، كلية التجارة، قسم اقتصاديات التنمية، غزة، ٢٠١٥.
- كريمة عجلى، دور المجتمع المدنى العالمى فى الحكومة البيئية العالمية، رسالة ماجستير، قدمت الى كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة العربى بن مهيدى ام البواقى، ٢٠١٥.
- ديفيد باوتشر، إدموند بيرك و الليبراليه الحديثة، ت. بدر الدين مصطفى، مؤمنون بلاحدود للدراسات والابحاث، ٢٠١٨.
- عزمى بشارة، عن المثقف و الثورة، مجلة تبين، العدد ٤، مركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، ربيع ٢٠١٣.
- يوسف ماهر يوسف الكترى، دور منظمات المجتمع المدنى في الحد من البطالة لدى خريجي الجامعات، رسالة ماجستير، قدمت الى اكادمية الادارية و السياسية، غزة، ٢٠١٧.

**ئینتەرنێت\ عربى**

- رفيق عبد السلام، الدولة اللائكية الفرنسية والاستبداد الحديث، موقع الجزيره، ٢٠١٨/١٠/٢٧، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2D9Bita .
- بدون اسم الكاتب، صعود اليمين السعودي المحافظ، ٢٠١٨/١١/١، موقع مغازة على شبكه النترنيت متاح على رابط الالكترونى الاتى http://www.sultan-alamer.com/articles/right-wing/ . تأريخ زيارة: ٢٠٢١\٤\٢٧.
- العياشي عنصر، ما هو المجتمع المدني؟ الجزائر انموذجا، موقع الجورنالس، ٢٠٠٠/٥/١٢، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://journals.openedition.org/insaniyat/11257 .
- عاكف مشارقة، ثنائية الحوار والتحرّر في التربية، ٢٠١٨/٣/٢٨، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2zlkN92 .
- قصي الصافي، سي السيد وفلسفة اليمين المحافظ، سايت شفق، ٢٠١٨/١٠/٢٥، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2AwdNaV .
- ماجي حسن، كيف تعرّف "المحافظة السياسيّة" في ٣ دقائق؟، صوت altra، ٢٠١٨/١١/١، متاح على رابط الالكترونى الاتى https://bit.ly/2F5x3QS، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١\٤\٢٧.
- نايجل أشفورد ، المجتمع المدني؟، مصر المدنية، ٢٠١١/٧/١٨، متاح على رابط الالكترونى الاتى http://www.civicegypt.org/?p=8110 .
- يوسف حجاز، الفكر الاجتماعي في العصر الحديث - الحلقة الثانية عشر - مدرسة فلسفة الفكر السياسي ، سايت الشباب المصر ٢٠١١/٤/٢٥، متاح على رابط الالكترونى الاتى

. https://bit.ly/2JjUKU5

**ئینتەرنێت\ ئینگلیزی**

- Charles William Parkin, Edmund Burke-British philosopher and statesman , Britannica, visit day: (23\6\2021) to more see this link: https://www.britannica.com/biography/Edmund-Burke-British-philosopher-and-statesman .
- History.com Editors, Alexis de Tocqueville , History.com , 7\6\2019, visit day: (23\6\2021) to more see this link https://www.history.com/topics/france/alexis-de-tocqueville .
- Terry Nardin, Michael Oakeshott, Stanford Encyclopedia of Philosophy, 8\3\2016, visit day: (23\6\2021) to more see this link https://plato.stanford.edu/entries/oakeshott .